## ئەگەر دین وەک AKP ئاسا ڕێگر نەبێ لە سکۆلاریزم ،
## چیتێدایە با بەقەدەر ژمارەی کورسیەکانیان پشکیان هەبێ لە دەسەڵات

**مارکس دەڵێ:هەتا ئێستا فەیلەسوفەکان ڕووداوە جیهانیەکانیان شی کردۆتەوە ،نەهاتوون بیان گۆڕ، بەڵام کاری لەمەودوای ئێمە بۆ ئەوە دەبێ .**



منیش دەڵێم هەتا ئیستا ئۆپەزسیۆنی سیاسی کورد ڕەخنە لە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی کورد دەگرن ، نەهاتوون پشکیان هەبێ بۆ گۆڕانی ئەو واقیعە . ئێمەی ئۆپۆزسیۆن دەڵێین و دەڵێینەوە پڕۆسیسی دیموکراتی بەچەوتی بەڕێوە دەڕوا ، گەندەڵی وپێشێلکردنی مافی مرۆڤ وبەرقەرار نەبوونی یاساو خراپی گوزەرانی خەلک و بێکاری و گرانی و سیستی لە بەرەو پێشەوە چوونی ئابووری وزۆر دیاردەی ناڵەباری کۆمەڵایەتی وەک ڕەشە کوژی ژنان و فراوان بوونی دیاردەی خۆسوتاندنیان و بە کەم تەماشا کردنیان و ئەمانەو دەیان دیاردەی نالەباری تر.بەڵام نەهاتووین پشکمان لە چارەسەری ئەو دیاردە نالەبارانە هەبێ . لە باشترین حالەت ئەگەر توێژی دەسەڵات بە خۆشی دابچێتەوە یان هەندێ ڕیفۆرم و چاکسازی بکا ، ئەوا هەمدیسان سەروەریەکە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە نەک بۆ ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کوردی . کوردیش دەڵێ بە دەستی خۆت خورشتی لەشی خۆت دەر بکەی چاکترە لە هی تر . هیچ شتێ نیە لەو جیهانە بێ ماندوو بوون دەستت کەوێ خۆ ئەگەر هەندەک جاران بە سودفەش ڕووی دابێ ئەوە هەمدیسان کاتیەو معادەلەکە دووبارە وەک خۆی لێ دێتەوە . لە هیچ شوێنێکی جیهان شتی وا ڕووی نەداوە ئەگەر دەسەڵات لە دەسکەوتەکانی جەماوەر لای دابێ ئەوە لەوانەیە هەر لە خۆیەوە بارەکە بگۆڕێ و بە دوایەوە دووبارە کۆکی بکەوێتە ناو هەمان دەسەڵات و خەلکەوە. زانیومانە دەسەڵات لە ژێر گوشاری خەلکەوە بە ناچاری بێت یان لە خۆیانەوە بیانەوێ هەندەک وێنەی خۆیان لە بەردەم خەلک جوان بکەن و لە ڕێگەیەوە هەندێ کاری ڕێفۆرمی بکەن کوردەواری پێی دەڵێ پینەو پەڕۆ. ڕاستە لە ئەوروپاش سیستەمی دیموکراتی لایان ئەگەر بەراورد بکەین لە گەڵ وڵاتانی لە بابەت خۆمانەوە زۆر لەپێشەوە ترن . بەڵام هەر هەمووشی ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندێتی ئەو وڵاتانە نیە وەک بڵێین ئەوان لە ڕووی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڕۆشەنبیری ... زۆر لە ئێمە لە پێشترن و بە هۆیانەوە دیموکراتیزە کردنی هەموو بوارەکانی ژیان بۆ ئەوان ئاسانترە لە هینەکەی لای خۆمان . بەڵام بە هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لاشیان زۆر لە تەوازوناتی سیاسی ڕاگرتووەو بە حوکمی بەهێزیشیان هەمیشە کارەکانیان هەر لە خۆیەوە دەچێتە خانەی چاودێری کردنی توێژی دەسەڵات لە بە کردار کردنی کارەکانیان ،کاخوانەکینێ چەندی دەچێتە خانەی خزمەت کردن بە خەلکەوە یان تا چەند ڕادە ئەوان توانیویانە یاساکانی وڵات بە ڕێک و پێکی بۆ پڕاکتیک تەرجومە بکەن ، بەهۆیانەوە هەموو کاتێ چینی دەسەڵاتدار لە سەر هێلی تەماس دایە نەوەکا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بیانگەیان پێ بگرن و لە ناو جەماوەر بکەنە هەڵا تا وەکو لە خۆلی هەلبژاردنی تر دەر نەچن و بۆ خۆیان یان هی تر شوێنیان بگرنەوە .کەواتە لە ئەوروپاش ئەگەر لێپێچینەوە نەبێ بمانەوێ نەمانەوێ پێشێلکاری دروست دەبێ . ڕاستە ئەو لێپێچینەوانە لە ڕێگای یاساوە دەکرێ چونکە هەموو شتێ لەو وڵاتانە بە یاسا ڕێک خراوە . ئەو یاسا دانانەش حوکمی ئاسمان یان غەیبی یان هێزی دینی پێوە نیە بەلکو خودی مرۆڤ خۆیەتی دایدەنێ .هەر مرۆڤێک یان دەستەیەک یان پارتێ یان چەند پارت نینە . هەمدیسان هەر هەمووشی لە ڕێگەی شارەزایان و یاسا زانان و ...ەوە نیە بەلکو بە پڕۆسیسی جەماوەری و هەلبژاردن و دەزگا بەرزەکانی وڵات لە بابەت پەڕلەمان و دادوەری تێپەڕ دەبێ . مادامەکینێ ئەو دەزگایانە لە ڕێگای خەلکەوە هاتوون کەواتە خودی یاساکانیش بە بەشداری خەلکەوەو بەرژەوەندیەکانیەوە دەبێت . ڕەنگە لەو وڵاتانەش ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی بەهێز نەبێ پێشێلکاری ببێت لە جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایانە .بەڵێ توێژی دەسەڵاتیش لەو وڵاتانە دژەی خۆیان هەیە کە ئۆپۆزسیۆنە و لە ترسا زۆر بە هەستیارانە لە گەڵی دەجولێنەوە . لە وڵاتی ئێمە دوو

شت که دەسەڵات دەترسێنێ غائیبە .یەکێکیان بێ هێزی ئۆپۆزسیۆن یان یەک نەگرتوییان .دوومیش ئەو ئۆپۆزسیۆنە بە شکلی دینی خۆی بەدەر دەخا وەک کورد دەڵێ خراپتر لە پاش تر . دەکرێ ئێمەش تەسلیمی ئەو واقیعە ببین وەک بڵێین ئەو هەویرە هەر ئەوەندە لیک دەکێشترێتەوە. واتە دواکەوتوویی کورد هەر ئەوەندە هەڵدەگرێ کە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن وەک هێزێکی کاریگەر بێتە مەیدانیشەوە بە دین پۆشتە دەکرێ . تەقریبەن هینەکەی کوردی خۆشمان خەریکە وا بکەوێتەوە . بۆیە ڕۆشەنبیری کورد دەڵێ با هەر لە گەڵ ئەوانەی لای خۆمان بین نەک بکەوینە بەردەستی دینی لە بابەتی جمهوری ئیسلامی و بەدوایەوە وەک خەلکی ئێران ئاسا سەربەستی ئەوەشمان نەدەنێ کە گوێ لە گۆرانی و مۆسیقاش ڕاگرین، بلێن دیاردەی ڕۆژئاوایە و لە ئیمانداریتیمان کەم دەکاتەوە . لە بەد بەختی کورد باشە قەیناکە دین بووەتە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمەوەیە یان ئەو زەمینەیە زۆری دەوێ . بەڵام مادامەکینێ دین خۆی تێکەڵی سیاسەت دەکات دەبوایە لە جۆری عەدالەو تەنمیەی تورکی بوایە بەدیوە خۆگونجاندنەکەیان و دوور لە هەستی شۆڤینیان کە دان بە مافی نەتەوەکانی خوار خۆیانەوە نانێن . نەک ڕیسالەی ئێران و ئیخوانموسلمینی میسرو وکلێشەی حیزبوللەو فەتح و ڕیکخراوە جیهادیە سوننی و شیعیەکانی . لە ناو ئێمەش لە ڕێگای جوندوالئیسلام و مەلا کرێکارو عەلی باپیر و .... زۆرانێکی تر گەراش لە ناو ئێمە دابنێن . دەیان گۆت یەکگرتوو ڕێکاو ڕێک ئیخوانی موسلمینن و سەرچاوەی یەکەمیشیان لە میسرەوە سەر هەڵدەگرێ . بەڵام دوا بە دوای ڕووخانی سەدام هەندەک پێشڤەچوون لە سیاسەتی ئەوان بە ئاقاری کێشەی نەتەوایەتی و بە دیموکراتیزەکردنی وڵات و خۆ گونجاندن بە جۆرێکی ئەو تۆ لە گەڵ دەسەڵاتی کوردی و ئۆپۆزسیۆن بەرجەستە ببوو . پیاو لە دلّی خۆی دەیگوت مادامەکینێ دین کەوتۆتە ناو سیاسەت با ئەو هێزانە گەشە بکەن نەک توند ڕەوەکانیان . بەڵام بەو دوایەش هەندێ کاری نارێک لیێانەو بیسترا کە دەیان ویست لە گەڵ توندڕەوی ئیسلامی عەرەبی بچنە ناو بەرە و ئێستاکەش دەنگی ئەوە هەیە کە خۆیان کێشابێتەوە . دیسان کارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کوردیش، ئەوانەی داوای سکۆلاریزم و وەلاوەنانی دین دەکەن، بە ڕاست و چەپ نەک هەر هەموو دیاردە دینیە سیاسیەکان بە پان و بەرینی دەداتە بەر،بەلکو دەیەوێ تەجاوزی ئەوەش بکات وەک دیاردە کۆمەلایەتیەکەشی هەمدیسان بیداتە بەرو بەو کارەی ئاگای لە خۆی نیە کە دەکەوێتە دژە کەلتوری ملیۆنەها کورد . ئۆپۆزسیۆن لەوە بێ ئاگایە کە ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە ڕەفتارانە سوود بە دەسەڵات دەگەیەنێ . لەو ڕووەوە دەسەڵات لەوان زیرەکترن . بۆ بەرژەوەندی خۆیان میانڕەوەکەیان گرتووەو توند رەوەکەش دەکوتنەوە ، کەچی ئێمە هەر هەموویان دەکوتینەوە . ئەگەر هەر وەک دەسەڵات بکەین میانڕەوکە بگرین یان بەلای خۆمانیان ڕاکێشین ئەگەر هەر نەبێ لە سەر لە ناو بردنی گەندەڵی و بەرەو پێشەوە چوونی ئابووری و دۆزینەوەی هەلی لەباری کارو هەرزان داهێنان زۆر بواری یاسا دەتوانین خۆمان لە ناو یەک سەنگەر ببینەوە .ئێمە هەموو دونیامان بە ڕەش و سپی وەرگرتووە واتە ئەوەی لە گەڵمان نەبی دوژمنمانە هەلەیەکی تا بڵێی گەورەیە . بە داخەوە ڕۆشەنبیری کورد وا لە سیاسەت و کاری ڕۆشەنگەری گەیشتووە ئەگەر دین بە تەواوەتی نەکوتیەوە کۆلکە خوێندەواری . ئێمە وەختی خۆی کە لە چیا بووین لەو ڕێگایە توانیمان جێ پێ شوێنی خۆمان لە ناو خەلک بکەینەوەو گوێمان لێ ڕاگرن و تەقەبولی بەرنامەمان بکەن ئەو کاتانەبوو کە کەلتوری باوی دینی و بە مەلاو حاجی و پیاوانی دینیشەوە وامان لی نەکردن لە بەرمان هەڵێن بەلکو بە گەرمان دەکەوتن ،قسەی باشیان بۆ دەکردین . شوعیەکان بە ئیعتڕافی خۆیان نەیان توانی وەک کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی ئەو سەردەم بچنە ناو خەلک . دەتوانم بڵێم شەڕە ناوخۆیەکان نەبوایە کە هەموو کارەکانیان لی تێک داین و لە ڕێگەشیەوە لە ناو پڕۆسیسەکەش وەدەر نراین ئەگینا ئەو کارە پەروەردیەی ئێمەو ئەو دروست کردنی تەبایی لە نێوان کەلتوری دینی و کاری سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنیش جێی خۆی بوو هەتا سەردەمانێکی زۆر شانازیشی پێوە بکەین . دیسان بە قەناعەتی خۆم ئەگەر ئەو ڕێو ڕەسمیەتەی کە ئێمە درۆشمەکانیمان هەلگرتبوو و دەمانەویست بە کرداری بکەین ئەگەر زاڵ بوایە بە سەر دیاردەی شەڕی برا کوژی لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ بەرهەمی خۆی دەدا هەم توێژی دەسەڵات لە ئێستا مەعقول تر دەبوون هەم ئۆپۆزسیۆنیش وەک ئێستا ئاسا ناوەندی دینی بەشە زۆرەکەی نەدەمژی .دیسان بە هێز بوونی ئۆپۆزسیون مانای لە ناو بردنی دەسەڵات نیە ، مانای کودەتای سەربازی نیە ،بەلکو مانای قوولکردنەوی پڕۆسیسی دیموکراتیە . دیموکراتی ترین دەوڵەت لەو کاتە دەبیت، کە خاوەن ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز بیت . ئۆپۆزسیۆنی بەهێز ڕاستە ڕێگرە لە بەردەم بەرژەوەندیە تاکەکان بەڵام بە

دیوکەی تر بنەماکانی دەسەڵات و بە کردار کردنی ڕێوڕەسمی دیموکراتەت دە ئەوەندەی تر بەهێز دەکات . لە تورکیا کە خەلکەکە کەمالیزم و ئەو هێزانەی کە ناویان لە خۆ ناوە عیلمانی بە هەلبژاردنی ئازادانە تا زۆر ڕادە تووشی ڕامالینی بەتەواوەتی هاتن . ئەوە بۆ وایە لە بەر ئەوەیە کە دین لە سەر دەسەڵاتە ، ئەگەر وابایە دەبا ئێرانیش دوای ئەو 25 ساڵەی حوکمی دین دونیا شامی شەریف بوایە . هەر کەسێ ئێستاکە دیاردەی دینی تورکی و ئێرانی وەر بگرێ دەزانێ ڕێکاو ڕێک پێچەوانەویە . کە لە تورکیا هەلبژاردنی ئازادانە کرا و دین بردیەوە . لە ئێران هەمان شت ڕوو بدات دین دەدۆڕێنێ . چونکە لە تورکیا کەمالیزم و هێزەکانی بە ناو عیلمانی ڕێگر بوون لە بەرەو پێشەوو چوونی خەلک و خۆش گوزەران و ئاسوودەییان دین بردیەوە . کە ئێستاکە مەلاکان لە ئێران ئەو ڕێگریە نیشان دەدەن هەمان شتی تورکیا ڕوو بدات دەیدۆڕێنن و کۆمەلێ شارستانی شوێنیان دەگرتەوە . ئێستاش ئەگەر کاری لە مەودوای ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کوردی بۆ ئەوە بێت لە گەڵ میانڕەو بچنە ناو بەرەیەکی یەک گرتوو بە مەرجێ کە ئەو میانڕەوانە بە ڕاستی میانڕەو بن . واتە وەک ئەردۆگان ئاسا لە بەردەمی خەلکەوە بلێن ئێمە دژی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرەو پێشەوە چوونی وڵات و خۆ نزیک کردنەوە لە ڕۆژئاوانینەو خوازیاری کۆمەڵگایەکی مەدەنین کە دین دەست لە کارو بارەکانی وەر نەدا بە قازانجی کورد و پڕۆسیسی دیموکراتی تەواو دەبێ .دین هەقی خۆیەتی بە قەدەر ئەو جەماوەرەی هەیەتی و دەنگی بۆی هێناوە، پشکی لە دەسەڵات هەبیت، بەڵام نەک ئەو دەسەڵاتە بەرەو مەفاهیمی دینی ببات . با کاری دینی  لە مزگەوتەکان  بێ و کاری کۆمەڵگای مەدەنیش لە قوتابخانەوە بێت و کاری سیاسیش لە پەڕلەمان و حکومەت و دەزگا دادوەریەکان بێت . ئەگەر مەلا کەوتە پەڕلەمان با بە ئەجندای کۆمەڵگای مەدەنی کارەکانی هەلسوڕێنێ وکە کەوتە مزگەوتیش با لۆ خۆی قسەی دینی بکات . ئەگەر دونیا ڕووی لە خێر بێت مەلا دەتوانی بۆ خەلکەکەی قسەی خێر بکات و کۆکیان کات لە گەڵ کەرستەکانی کۆمەڵگای مەدەنی . بۆ کۆمەلگای مەدەنیش بە هەمان شێوە هەموو دیاردە خراپەکانی کۆمەڵگای ئێمە بۆ دین ناگەڕێتەوە خۆ ئەگەر بەشێکیش لەوەوە بێت هەر هەمووی ناکا لە بەر تێکەڵاو بوونی دین بە سیاسەت ،چونکە دین هەر ماڵی خۆی لە ناو حیزبە دینیەکان نەکردۆتەوە بەلکو لە هەموو شووێنێ هەیە . خۆ شەڕی ناوخۆی شاخ دینیان لە گەڵ نەبوو کاری خۆشیان هەر کرد . دیسان شەڕەناوخۆیەکانی پێشوو، گەندەلی ئێستا لە بەر دین نیە بەلکولە بەر ناڕێکی دەسەڵاتە. مرۆ ئەگەر چۆنچۆنی بە دیوی ڕەخنە گرانە تەماشای دەسەڵات دەکاو باشەکان وەردەگری و خراپەکان قسەی خۆی تێدا دەکا . با بۆ دینیش هەر وەها بێت .وەختی خۆی چاومان لەوە بوو کە فیفتی بە فیفتی لە ڕێگای هەلبژاردنەوە کۆتایی پێ بێت بەڵام شتەکان بە دیوی تر کەوتنەوە . ئەو دوو حیزبە باڵاکە بەرژەوەندی خۆیان لە یەک بوون و یەک لیست و پێکەوە چوونە ناو گەمەی هەلبژاردن لە هەرێم و عیراق دیتەوەو کردیان ،دەستیان خۆشبێت. پیاو بۆ خوای بلێ کاری باشیان کردووە بۆ خۆیان و با هەندوکۆکەکیش بەر میللەت کەوتبێ . ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوانیشیان بۆ ماوەی 10 ساڵ مانای ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ ئۆپۆزسیۆن دەست لەوان بشوا ،بۆ خۆی ئەسپی خۆی تاو دا . لە ناو هەموو دونیاش دەسەڵات نیە ڕووی خۆی جوان دەکات بەلکو ئۆپۆزسیۆنە ناچاری دەکات کە ڕووی خۆی جوان کات . خراپترین دەسەڵات بە ئۆپۆزسیۆنی بەهێزەوە زۆر باشترە لە باشترین دەسەڵات بە ئۆپۆزسیۆنی لاوازەوە . چونکە لە یەکەمیان ئاگای لە خۆیە لە ترسی کورسیەکەی ناچارە بە دڵی ملەت بکات، بەڵام لە حالەتی دووەم گوێی پێ ناداو لە بانگێشە پێشتریەکانی پاشەکشە دەکات چونکە لە خۆی ناترسێ کورسیەکەی لە دەست بچێت . دونیا بە قانونی غەیبی بەڕێوە ناڕوا کە دەڵێن مرۆیەکان لە بنە ڕەتەوە لە ناوچاوانیان نوسراوە باش یان خراپ . چاکەو خراپەش هەر تەنیا کاری تاکە کەسی نیە بەلکو گشت گیرە نەفەرێ یان چەند کەسانێک بە تەنیا تۆز ناکەن . قسەکانم نابەمەوە ئەو دیوەی کە بلێم ئێستانەکە ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵات باشترە . چونکە هیچمان نەدیوە لێیان بەڵام بە هەبوونیان با خۆشیان تاقی نەکردبێتەوە دەسەڵات دەترسێنن .ئەگەر دەسەڵاتیش منەتی شۆڕش و بزاڤە چەکداریە پێشترەکانی بە سەر ئۆپۆزسیۆن دا بکات کە ناو ناوە قەوانەکەی بە سەر ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی لێ دەدا ، وا نیە کورد هەمووی شۆڕشی کردوە بە ئیسلام و غێر ئیسلام بە هێزەکانی دەسەڵاتی ئێستاو ئۆپۆزسیۆنە عیلمانیەکەی . جا چ ئەو بەشداری کردنە بە چالاکی پێشمەرگایەتی و سیاسی بێت چ هاوکاری کردن بێت لە گەڵ کەرستەکانی شۆڕش ئەگەر وانەبوایە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 بە کەمتر لە 1000 پێشمەرگەی دیوی ئێران سەرکەوتنی بە دەست نەدەهێنا. ئێستاش بڕۆن سەرژمێرێکی ڕاست و دروست بکەن دەگەنە ئەو

ڕاستیە کە ئەوانەی بەشداری سیاسەت و چالاکیەکانی چەکداری و خۆیان بە شۆڕشەکانی کورد بەستبۆوە ژمارەیان لە هەردوو پارتی دەسەڵات بە پێکەوەیی زیاترە . کەواتە ئەو کوردەو میژوویان و بەرەنگار بوونەوەکانیان هی هەموویانە نەک بە تەنیا هی دەسەڵات بە کاری هەموویی کاردانەوەکان هەتا ئێرەوە هاتوون. بە کاری پێکەوەییش ڕێچکە ئاساییەکەی خۆی وەردەگرێ . واتە دەسەڵات لە گەڵ ئۆپۆزسیۆنی بەهێز کە بۆ لەمەو دوا ژمارە کورسیەکانیان بەشی ئەوی بکات دەسەڵات نەتوانی هەموو شتەکان بۆ خۆی قورخ بکات . ئەو ئەوروپایە بە کاری ئۆپۆزسیۆن بووەتە ئەو ئەوروپایەی ئێستا . تەرجومە کردنی پرۆسیسی دیموکراتیش ئەگەر تەندروست بێت یانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی بەهێز و جێپێگۆرکێیان دەبێ بە تەندروستی بەڕێوە بڕوات . ڕەنگە دەسەڵات لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی هەموو بوارەکانی ژیان بە دەست خۆیانەوەو و گوێ پی نەدانیان بە یاسا زەرەرێکی کوشندە بە ئۆپۆزسیۆن بدات بەڵام ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ئۆپۆزسیۆن بێت بەڕێکی و بە یەکگرتویی ئەگەر دەسەڵات ڕووەکەی خۆی زۆر ناشیرین کرد با دەرپەڕنە سەر جادەکان بە ڕووی شارستانیانە مان بگرن خۆپیشاندان ئەنجام بدەن جارەکی نا بەلکو سەد جار . لە ڕێگایەوە هەم دەسەڵات ناچار دەکەن کە بە خۆیدا بچیتەوە هەم ترس و دوو دڵێش لایان دەڕەوێتەوەو هەست بەوە دەکەن کە لە گۆڕەپانەکە بە تەنیا نینە و ئومێدی باشتریش دەدەنە خۆیان کە لە خولی هەلبژاردنی نوێ دەنگی جەماوە بینن .قسە زۆرە بەڵام هەمووشی لەو بابەتە بچکۆلانەیەم شوێنی نابێتەوە بۆیە لێرە بەجێی دێڵم و ئەوەکەی تریش بۆ ئێوەو تەواوی کەن .

مەهدی کاوانی/بەریتانیا/ 2007/08/15
mahdikawani@yahoo.co.uk